KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
KURDISTAN CONFLICT AND CRISIS RESEARCH CENTER
مركز كوردستان لدراسة الصراع والازمات

# یەکگرتووی ئیسلامیی

# ونکردنی ناسنامە و شکستی سیاسیی ئیخوان

ئیدریس سیوەیلی

## پێشەکیی

یەکگرتووی ئیسلامیی وەک حیزبێکی کارای ناو رەوتی ئیسلامیی، خاوەن مێژوویەکە لە خەباتی سیاسیی و مەدەنی، لەم نێوەندەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سیاقێکی مێژوویدا، رێگوزەر دەکات بە خەباتی ئەو حیزبە، چەند وێستگە و هەڵوێستێکی دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## گەڕانەوە بۆ باوەشی دایک

لەکاتێکدا کاری ئیخوان لە عێراق، لە (1971/4/4) بە فەرمی لەسەر زاری عەبدولکەریم زێدان رێبەری ئەوسای ئیخوانی عێراق وەستێنرابوو(1). لە سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران (1980 – 1988)، سەلاحەددین محەممەد بەهادین کە کادیرێکی دێرینی ئیخوان موسلیمین بوو، لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی، لە کۆبوونەوەیەک لە هەڵەبجە بیرۆکەی دەستپێکردنەوەی کاری ئیخوان موسلیمنیان گەڵاڵە کرد، ئەوان لە شارەکانی کوردستان کەوتنە جموجۆڵ، بەڵام هەوڵەکانی ئەم چەند کەسە بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو(2).

بەهۆی شەڕی عێراق – ئێران، سەلاحەدین محەممەد ئاوارەی ئێران بوو، لەوێش لەگەڵ ژمارەیەک ئاوارەی تری هاوبیری، بیریان لە دروستکردنی حیزبێک بەناوی

(کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامیی) کردەوە، بەڵام ئەم هەوڵەش شکستی هێنا، دواتر ناوبراو بەشێوەیەکی نهێنی کەوتە جموجۆڵ و دروستکردنی رێکخستن، بەمەش رێکخستنێکی سەرەتایی بەناوی ئیخوانەوە بنیادنا. زۆری نەبرد، لەگەڵ بەرەوپێشبردنی کار، سەلاحەددین محەممەد توانی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی ئیخوان لە دەرەوە دروستبکات و مۆڵەتی رەسمی کارکردن بەناوی ئیخوانەوە بۆ رێکخستنەکانی بەدەستبێنێت، بەمەش رێکخستنەکەی گەڕایەوە ناو باوەشی ئیخوان(3).

بەدرێژایی سالآنی هەشتای سەدەی رابردوو، رێکخستنەکەی سەلاحەددین محەممەد بە نهێنی لەناو ئەو کوردانەی ئاوارەی ئێران ببوون کاری دەکرد، ئەمە وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی لاواز لە باشووری کوردستانیش بە هۆی هەندێک کادیریانەوە بە نهێنی جموجۆڵێکی کەمیان هەبوو، لەگەڵ دەستپێکی راپەڕینی ئازاری (1991) سەلاحەددین محەممەد گەڕایەوە باشووری کوردستان و کەوتە هۆنینەوەی رێکخستنەکان و پەرەدان بە کاری رێکخراوەیی بەشێوەیەکی نهێنی، تا لە (1994/2/6) لەگەڵ هاوڕێکانی لە کاری رێکخستن لەژێر ناوی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) خۆیان راگەیاند(4). لەو کاتەوە تا ئێستا بەشداری کاری سیاسیی دەکات لە کوردستان، شەش کۆنگرەی بەستووە. لە کۆنگرەی شەشەم لە (ئایاری 2012) سەلاحەددین محەممەد دەستبەرداری پۆستی ئەمینداری گشتیی بوو، لە کیبڕکێی چوار پالێوراودا، محەممەد فەرەج وەکو ئەمینداری نوێ هەلبژێردرا.

**ناو، ناسنامە و چوارچێوەی کار**

ناوی هەر حیزبێک، کۆمەڵێک ئاماژە لەخۆدەگرێت، ئەمە وێڕای دیاریکردنی سنوور و چوارچێوەی کاری ئەو حیزبە، هەڵبژاردنی ناوی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بۆ حیزبێکی پاشخان ئیخوانی جێی تێڕامانە، (عومەر عەبدولعەزیز) یەکێکە لە

دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ناوی (یەکگرتوو) بۆ حیزبەکە دەڵێت "لە دوای راپەڕینی ئازاری (1991) بەشێکی بەرچاوی کادیرەکانمان لە رێکخراوی خێرخوازی (یەکگرتووی ئیسلامیی کورد) کاریان دەکرد، بەشداربوون لە بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بۆیە وەکو وەفا و بەرزنرخاندن ناوی یەکگرتوو بۆ حیزب هەڵبژێردرا"(5). دیویێکی تری ئاماژەی ئەم ناوە، لە یەکەم بەیاننامەی راگەیاندنی حیزبدا دەدۆزینەوە، کە تێیدا رەنگڕێژی دید و تێڕوانین و دنیابینی یەکگرتوو باسکراوە، لە بەیاننامەکەدا ستراتیژی یەکگرتوو لە پێنج خاڵدا خراوەتەڕوو، خاڵی یەکەم و کۆتا جەختکردنەوەیە لەسەر کاری خێرخوازی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان(6). ئەمەش ئاماژەیەکە کە هەڵبژاردنی ناوی یەکگرتوو هێندەی رەهەندی کاری خێرخوازی و بەشداری ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستانی هەڵگرتووە، کەمتر رەهەندی سیاسیی بیری لێکراوەتەوە، لەوانەشە لەو خەیاڵەدابووبن، کاتێک خەڵک کارە خێرخوازییەکانی (یەکگرتووی ئیسلامیی کورد) دەبینێت بەکاری رێکخراوە سیاسییەکەی بزانێت، ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر بەجەماوەریبوونی ئەو حیزبە.

یەکگرتوو لە یەکەم بەیاننامەی خۆراگەیاندندا، نووسیویەتی "بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە خۆمان لەپێناودا خستوەتەکار و، بۆ ئەوەی لە رەوتی سەردەم و باری ژیانی ئەمڕۆ دانەبڕێین، کەوتینە بیری پێکهێنانی کۆمەڵێکی (ئیصلاحی پەروەردەیی گشتی) لە قاڵبی رێکخراوێکی سیاسیی هاوچەرخدا"(7). رەنگە گوزارشتی کۆمەڵێکی ئیصلاحی پەروەردیی گشتیی کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە، راستترین و دروستترین ناسنامەی ئەو حیزبە بێت لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، بۆیە لەگەڵ تێکەڵبوون بە کاری سیاسیی، لە ماوەی بیست و دوو ساڵی رابردوو، کە دواتر کەمێک

درێژتر لەمبارەوە دەدوێین. یەکگرتوو هێشتا نەیتوانیوە لەو چوراچێوەیە دەرچێت و کاریگەریی بەرفراوان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دروستبکات..

**نەتەوەییبوون و ناوچەگەریی**

ئیخوان وەکو رێکخراوێکی ئیسلامیی ئایدۆلۆژیای بانەتەوەیی هەڵگرتووە، تا رادەیەکیش بارگاوی بووە بە بیری عەرەبچێتی، دیدی تایبەتیشی بۆ دۆزی کورد بە گشتیی و باشووری کوردستان هەبووە(8)، ئەم تیڕوانینە کاریگەری کردووەتە سەر کاری یەکگرتووی ئیسلامیی، کاتێک سەلاحەدددین محەممەد و هاوڕێکانی دەستیان کردەوە بە کاری رێکخراوەیی، ئیخوان نەک ئاگاداری ئەو کارە نەبوو، بەڵکو هەندێک ئەندامی دێرینیان رێگری کارکردنیان لێکردن، بەڵام دواتر زۆر بە سانایی ئەو رێکخستنە دەبێتەوە بەشێک لە کاری ئیخوان، بە تێپەربوونی کات، یەکگرتووی ئیسلامیی کەڵکەڵەی نەتەوەییبووونی زیاتر تێیدا رەنگیدایەوە، لەسەرەتای کاری ئەو حیزبە، بڕوایان وابوو بە سۆز و زمانی وتار و ئامۆژگاری، هاوشێوەی کاری ئیخوان دەتوانن مامەڵە لەگەل پرسی نەتەوەیی بکەن، لەو دەمەدا چەندین تورکمان لە رێکخستنەکانی یەکگرتوو کاریان دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی رۆژگار و لەژێر فشاری واقیعە نەتەوەییەکەی کوردستان، مۆرکی نانەتەوەیی ئیسلامیی یەکگرتووی ئیسلامیی رووی لە کاڵبوونەوە کرد، لە بەرژەوەندی زاڵبوونی گوتارێکی ناسیونالیستانەی کوردیی، سەرئەنجامی دۆخەکە بەوە گەیشت کە تورکمانەکانی ناو یەکگرتوو حیزبێکی تورکمانیان بەناوی (حیزبی داد و رزگاری) دامەزراند، پەیوەندیشیان بە یەکگرتووەوە زیاتر پەیوەندییەکی هاومەشرەبی ئیخوانی بوو(9)، چونکە پێیانوابوو یەکگرتوو لە نەهجی بانەتەوەیی ئیخوان لایداوە و کار لەبەرژەوەندی نەوەیەی کورد دەکات. لە دوای رووخاندنی حکومەتی بەعس و هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، لە

سنووری کەرکووک یەکگرتوی ئیسلامیی لەگەڵ حیزبی ئیسلامیی عێراقی هاوقوتابخانەی ئیخوان توشی ململانێ بوون، یەکگرتوو جار لە دوای جار نەزعەی نەتەوەیی تێدا زاڵتر دەبوو، لە بەرامبەردا سەرکردەکانی حیزبی ئیسلامیی عێراق نیگەرانیان لەو هەڵویستانەی یەکگرتوو دەردەبڕی.

کاریگەربوون بە گوتاری نەتەوەیی و بانەگەشەکردنێکی سنوردارانە بۆی، نەیتوانی یەکگرتوو وەک حیزبێکی ئیسلامیی نەتەوەیی بیلێتەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەیی، یەکگرتووی ئیسلامیی کێشەی بۆ دروست بووە، ئەمەش بەجۆرێکە لەناو رێکخستنەکانی ئەو حیزبە نەزعەی ناوچەگەریی و شارچێتی هەستی پێدەکرێت، جێکەوتەی ئەو نەزعەیە لە کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی (2000) بە روونی دەرکەت، کە بۆ رازیکردنی ئەو مەیلە ناوچەگەریی و شارچێتییە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بە تەعین دانران، وەکو پارسەنگێک بۆ زۆری ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی لە ناوچەی هەڵەبجە(10).

لە دوای کۆنگرەی شەشەم، مەیلی ناوچەگەرێتی، سۆرانیی و بادینانیی لە ناو یەکگرتوو ئاستێکی بەرفراوانتری تۆمارکرد، ئەمەش بەشێوەیەکە خەڵکی ئاسایی بە سەرنجدانی لە هەڵویستی سەرکردەکانی ئەو حیزبە لەو دوو دەڤەرە، ئەو راستیەی لا دەچەسپێت کە جیاوازی لە دید و تێڕوانیندا هەیە، قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە چەند مانگی رابردوو درزی نێوان سەرکردەکانی یەکگرتووی لە بادینان و سۆران بەرفراوانتر کرد، رەنگە ساناترین نموونە ئەو هەڵویستەی (33) سەرکردەی یەکگرتوو بێت لە بادینان، کە ئیمزایان کرد دژی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لە دانیشتی (2015/6/23) کە تیایدا خوێندنەوەی بۆ پرۆژەیاساکانی هەموارکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا(11). لە ئیستادا بە ئاشکرا ئەوە

هەستپێدەکرێت کە سەرکردەکانی یەکگرتوو لە بادینان مەیلی نزیکبوونەوەیان لە پارتی هەیە، بەڵام سەرکردەکانی سلێمانی مەیلی ئۆپۆزسیۆن و پشتگرتنی شەقامی ناڕازی دەکەن، ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە لە حاڵەتی مامەڵەنەکردنێکی تەندروست لەگەل دۆخی ئێستای هەرێم و پرسە چارەنوسسازەکان، ریزەکانی یەکگرتوو توشی شڵەژان و لێکترازانی هەردوو دەڤەری بادینان و سۆران ببێتەوە.

**بانگەواز و سیاسەت**

چەندین ساڵە لەناو یەکگرووی ئیسلامیی، بە شێوەیەکی نارەسمی گفتوگۆی چڕ لە نێوان دوو بەرەی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت لەگەڵ بەرەی بەردەوامبوون لە کاری بانگەواز و سیاسەت پێکەوە بوونی هەیە، سنووری جیاوازی نێوان ئەم دوو بەرەیە هێشتا بە تەواوی شکڵی نەگرتووە، بەڵام بانگەشەکارانی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت لە گۆنگرەی شەشەم بە ئاشکرا ئەو خواستەیان دەربڕیوە، لە یادی بیست و دوو ساڵەی یەکگرتووشدا هەندێک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە، داوای گۆڕانکاری ریشەیی لەو حیزبە دەکەن، بە تایبەت جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت لە یەکتری، لەوەش زیاتر هەندێک لە سەرکردەکان دەخوازن پاشگری ئیسلامیی لە ناوی حیزبەکە بکرێتەوە، چونکە ئەو مۆدیلە لە کارکردنی سیاسیی بەسەرچووە(12).

بیست و دوو ساڵ کاری ئاشکرا و زیاتر لە دە ساڵ کاری نهێنی یەکگرتووی ئیسلامیی، هێشتا ئەو حیزبە لە سەر ئاستی سیاسیی نەبووەتە ژمارەیەکی گەورە کە مەسەلە چارەنوسسازەکان یەکلابکاتەوە، ئەگەر دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەکو پێوەر وەربگرین، یەکگرتووی ئیسلامیی بە (10) کورسی بەشدارە لە پەرلەمان، ئەمەش بە مانای (9%) دەنگی جەماوەر، کە لە هەڵبژاردنی دوای ئەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارەی دەنگەکانی کەمیکردبوو، دەبوو دوای ئەو هەموو ساڵی

خەباتە، یەکگرتوو حیزبی دووەم، یان سێیەم بوایە لە کوردستان، بەڵام کە نەبووەتە ئەو ژمارەیە، هەڵوێستی ئێستاشی لەمەڕ کێشە سیاسییەکانی هەرێم، جەماوەری لە خۆی دڕدۆنگ کردووە، بە وتەی ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە ئێستادا ئەگەر کۆمەڵ هەندێک کێشەی ناوخۆیی نەبوایا بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانییەوە پێشی یەکگرتووی دابوویەوە(13).

لە دوو دەیەی رابردوو، ئیسلامییەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی کوردستان هەبوو، ئەم کاریگەرییە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەتینتربووە بەراورد بە ئاستی سیاسیی، لەو نێوەندەشدا یەکگرتووی ئیسلامیی زۆرترین کاریگەری هەبووە، بە سەرنجدان لە دۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان، جێکەوتەی ئەو کاریگەرییە بە ئاشکرا دەبینرێت، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو، بانگخوازەکان لەناو ئیسلامییەکاندا زۆرترین دەنگی جەماوەریان بەدەستدەهێنا لە برا سیاسییەکانیان، زۆرینەی ئیسلامییەکانیش لە هەڵبژاردنەکاندا بە دروشمی سۆزداری نەک سیاسیی کاریگەرییان لەسەر دەنگدەران جێهێشتووە. یەکگرتوو لە یەکەم بەیاننامەی راگەیاندنیدا وا خۆی پێناسە دەکات کە کۆمەڵێکی ئیصلاحی پەروەردیی گشتییە، توانیویەتی لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکە دەیان کەس پەروەردە بکات، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی کە لە سەرەتاوە هەڵگری پرۆژەی ئیخوان بوو، پاشان کەوتە ژێر کاریگەری پرۆژەی نەتەوەیی، نەیتوانیوە پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات. هەندێک جار زیادەڕۆیی ئەو حیزبە لە نەرمی نواندن و بێدڵی نەکردنی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم کاریگەری نەرێنی لەسەر ئایندەی سیاسیی یەکگرتوو دروستکردووە، بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو یەکگرتوو بەدەستی خۆی کۆت و سانسۆری دەسەڵاتی بۆسەر خۆی بانگهێشت دەکرد، تا بیسەلمێنێت حیزبێکی مەدەنیە و یاساپەروەرە(14)، ئەم سیاسیەتە لە قۆناغەکانی دواتردا یەکگرتوو باجەکەی دا، لە هەڵبژاردنەکانی (2012) لە بەرامبەر

جیابوونەوەی لە لیستی هاوپەیمانی، بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان کەوتنە بەر هێرش، ئەمەش وەڵامی حیزبی باڵادەستبوو بۆ (نا)ی یەکگرتوو، چونکە یەکگرتوو هەر لە سەرەتای کارکردنیەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی واڕانەهێنابوو کە (نا)یان بۆ بکات(15).

هەنوکە ئەو حیزبە لەبەردەم چەندین بژارەی جیاوازدایە، ئاخۆ چۆن دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ئیسلامیبوون و بیری نەتەوەیی بکات؟ ئایا بانگەواز و سیاسەت چۆن دەگونجێنێت لە خەباتی داهاتوو؟ ئایا دەچێتەوە سەر هێڵی ئیصلاحی پەروەردەیی و ئەسپی خۆی تێدا تاودەدات، یان بەم شڵەژاویەوە بەردەوام دەبێت لە کاری سیاسیی؟

**دەرئەنجام**

لەم توێژینەوەدا ئەم ئەنجامانە لای توێژەر گەڵاڵەبوون:

1- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو ڕێکخستنێکی خۆجێی بە فیکر ئیخوان سەریهەڵداوە، پاشان بە فەرمی بوەتە بەشێک لە ریکخستنی ئیخوان موسلیمین.

2- یەکگرتوو لە سەرەتاوە وەکو حیزبێکی ئیصلاحی پەروەردەیی پێناسی خۆی کردوە، لەم بوارەشدا کاریگەری زیاتری هەبووە لە چاو بوارەکانی تر.

3- یەکگرتوو بە تیپەڕبوونی کات کەوتووەتە ژێر کاریگەری بیری ناسیونالیستی کوردی و بانگەشەکردن بۆی.

4- یەکگرتوو لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا تێکەڵی کردووە، ئەمەش بووتە جێگەی نیگەرانی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی، کە دەخوازن لە ڕەنگرێژی ستراتیژی ئایندەی حیزبدا ئەمە لێکجیابکرێتەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:


(1) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامیی لە باشووری کوردستان (1946 – 1991) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە کار و چالاکیی پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکان، چاپی دووەم، ل41.

(2) سەرچاوەی پێشوو، ل112.

(3) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵی ئەنسار و کاری سەلاحەددین محەممەد لەو ماوەدا، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل113 – 120.

(4) عمر عبدالعزیز: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بۆچوون و گوتار، هەڵوێست، یاداشت و پرۆژە، بێ شوێنی چاپ، 2011، ل15.

(5) ئینتەرنێت، سایتی (http://alhiwarmagazine.blogspot.com/2014/06/1993.html).

(6) عمر عبدالعزیز: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ل16.

(7) سەرچاوەی پێشوو، ل280.

**(8)** بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بڕوانە توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەمان لە سایتی میللەت پرێس بە ناونیشانی (کێشەی کورد لە عێراق لە ئەجێندای ئیخوان موسلیمیندا)، (www.milletpress.com/Detail.aspx).

(9) عومەر عەلی غەفوور: 16 ساڵ لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی باس، هەولێر 2013، ل50- 55.
(10) سەرچاوەی پێشوو، ل56.
(11) ئینتەرنێت، سایتی (http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=41931&Jor=1)
(12) ئینتەرنێت، سایتی (www.hawlati.co/?p=2200)
(13) سەرچاوەی پێشوو.
(14) عومەر عەلی غەفوور، کادیرێکی دێرینی یەکگرتووە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا چەند نموونەیەکی ئەو نەرمی نواندنەی یەکگرتوو دەگێڕێتەوە، بڕوانە: 16 ساڵ لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی، ل 154 – 156.
(15) سەرچاوەی پێشوو، ل 156.

بڵاوکراوەتەوە لە میللەت پرێس: لینکی بابەت

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=15338&T=%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D9%83%DA%AF%D8%B1%D8%AA%D9%88%D9%88%DB%8C+%D8%A6%DB%8C%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%DB%8C%DB%8C..%D9%88%D9%86%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%86%DB%8C+%D9%86%D8%A7%D8%B3%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87%E2%80%8C+%D9%88+%D8%B4%D9%83%D8%B3%D8%AA%DB%8C+%D8%

B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C%DB%8C+%D8%A6%
DB%8C%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86